# هەفتەی کەلتووری کوردی لە کۆبنهاگن،
# ئامرازێک بۆ نزیکبوونەوەلە کەلتوور،
# پرۆژەیەک بۆ ئایندە

**گۆران هەڵەبجەیی**







لەنێوان 3-7/ 12. لە باژێڕی کۆبنهاگن لە گەرەکی{ نۆرەبرۆ} لەیەکێک لە یانە کەلتووریەکان بە ئامادەکاری [ کوردان تیڤێ ،سەنتەری کەلتووری جیهانی،گلۆباڵ موزیک] ،هەفتەی کەلتووری کوردی بەڕیوە چوو.

ئامانج لەم کارانەناساندنی هوونەرو کەلتووری کوردی بوو بە دانمارکیەکان، ئەویش لە ڕیگەی ئەو چالاکیانەی کە لە میانەی ئەو هەفتەیەدا ئەنجام دران،کە بریتی بوون لە پێشەنگای شێوەکار،فلیم،مووزیک ،شیعر،شانۆ ،خواردن و هەڵبەرکی،نمایشی جلوبەرگ و تاد.
خاوەنی بیرۆکەی ئەم هەفتە کەلتووریەو داینەمۆی چالاکیەکان کاک کامەران ئیبراهیم بوو ، بە هاوکاری کاک بەختیار فارسی کامیرامان و{ بابی سلام} کە گرافیک کارە.بۆ سەرکەوتنی ئەم چالاکیانە ئەم سێ بەڕێزە زۆر ئەرکیان کێشاو زۆرماندووبوون.نابێ ئەرک و ماندووبوونی چەندین ئافرەتی کورد لە یاد بکەین کە وێرای بەشداری کوڕووکچەکانیان لە گرووپی هەڵپەڕکێدا خۆشیان لەسەرەتای ئامادەکاری تا دوارۆژ بە زۆر شێوەو لە زۆر بواردا هاوکارو شداربوون.
ئەوە کارانەی ئامادەکران ئەرک و توانای ناوندیکی کەلتووری بوو نەک کاری دووسێ کەس. بۆ ئەنجامدانی ئەم هەفتەیە ومەیسەر کردنی هەموو پێداویستیەکان و کەسەکان گەرەکبوو پویوەندی بە چەندین کەس و لایەنەوە بکەن و بیانخەنە ناو بەرنامەکەیانەوە، بۆنمونەپەیوەندی بە هونەرمەندانی شیوەکار، شاعیرەکان ،شانۆکاران ،مووزیکوانان. هەڵپەڕکێزانان،و زۆر کەسانی دیەکە کە پەیوەندیان بە هەفتە چالاکیەکەوە هەبوو.بەمەدا دەردەکەوێت ئەنجامدانی چالاکیەکی 5 ڕۆژی هەمەڕەنگ بەسەرکەوتوویی کارێکی سانانەبوو.

یەکەم ڕۆژی هەفتەی کەلتووری:

ئێواره کاتژمێر 6 بە پێشەنگای هونەری شیوەکار کرایەوە .لەم پێشەنگایەدا تابلۆکانی هەریەک لە دلێر عوبێدی کۆچکردوو،حەسەن جونگۆر، یوسف خەسرەو نادر،سیروان ئاکرەیی،حەسەن بەیاتی نمایشکران. چەندین تابلۆی جوانی لە خۆ گرتبوو،هەرکەسەیان بە شێوازو ستایلی تایبەتی خۆی بە چەند تابلۆیەک بەشداربوو، شایانی ئاماژەیە ئەم پێشەنگایە تا دوارۆژی هەفتە کەلتووریەکە بەردەوام بوو.
هەرلەم ڕۆژەداچەندین پارچە مووزیکی هێمن بە ئامێرەکانی گیتار لەلایەن کاک فەرهاد هەورامی وفلوت لەلایەن نینا حەبیب پێشکەشکران.
گروپی قەندیل بۆ هەڵپەڕکێی میللی کە لە کوردانی باکوور پێکهیاتبوو چەندین تابلۆی هەڵپەڕکێی قەشەنگیان نمایشکرد، ئامادەبوانیان لەتەک خۆیاندا هێنایە هەڵپەڕکێ.
دوا بابەتی ڕۆژی یەکەم هەڵپەرکێی کراوەبوو بۆ ئامادەبووان بە بە شداری دەهۆڵ و زووڕنا، کە لەگەڵیدا چەندین جۆر لە کاری دەستی وەک کولیچەو کێک و نانی کوردی پێشکەشکران.
جێی ئاماژەیە هەرلەم ڕۆژەدا ژنە پەرلەمانتاری کورد ئوزلەم سارا ئامادابوو، بەشداری لە هەڵپەڕکێشداکرد، دەستخۆشی لە سازدەرانی ئەم هەفتەیەکرد.

ڕۆژی دووەم:
واتە 4.12 بە نمایشکردنی فلیمی کوردی نیومانگ لە دەرهێنانی دەرهێنەرو فلیمسازی بەناوبانگی کورد بەهمەن قوبادی کرایەوە.
بڕگەی دووەم نمایشکردنی جلوبەرگ بوو لە لایەن دیزاینگای مەم وزینەوە، بە خاوەنداری دووبرا فوئادو هێمن شابان ،کە تێیدا چەندین مۆدێلی جلوبەرگیان ا نیشاندا، ئیلهامی مۆدێلەکان لەجلوبەرگی کوردیەوە وەرگیرابوون ،بەلام ستاتیکی و دەسترەنگینی خۆیان واتە فوئادوهێمن لەسەر نەخشی جلەکان دیاربوو.
20 جەحێڵی کوڕوکچ کە سەر بە کوردان تێڤێن نمایشی جلوبەرگی کوردیان کرد وە تێیدا جلوبەرگی زۆربەی دەڤەرەکانی کاردستانیان نیشاندا،هەر پاش ئەوە شێوازی شایی و زەماوەندی هاوسەرگیری لە کۆندا نمایش کرا و بە دویدا چەندین هەڵپەڕکێی جوان پێشکەش کران.هەر لەو ئێوارەیەدا گروپی ژواری هەڵپەرکێ کە لە دوورگەی یولاندەوە هاتبوون ژمارەیەک هەڵپەڕکێی قەشەنگیان پێشکەش کرد. پێیانەوەدیاربوو کە بە شێوازیکی پرۆفیشناڵانە کاردەکەن، بۆیە گەربێت و گرنگی زیاتریان پێبدرێت ئومێدیان لێدەکریت لە ئایندەدا بتوان لەسەر ئاستێکی باڵاتر کارەکانیان بەجیهان بناسێنن. دوا بڕگەی چالاکیەکان کۆرانی ڕاپبوو کە لەلایەن کوڕووکیژیکی گەنجەوە بە نێوەکانی ئامانج ئاراس و ڕەوەند سامالْ پێشکەشکران. ئەم چەشنە گۆرانیە بەم دواییانە لەنێو گۆرانی کوردیدا شوینی خۆی کردوەتەوە وە هەودارخۆی هەیە بەتایبەتی لە نێو ئەو گەنجانەی لە ئەوروپا لەدایک بوون یا گەورەبوون.

ڕۆژی سییەم:
بە فلیمی کوردی تەختەڕەش کرایەوە،لە دەرهینانی سەمیرە مەخمالباف.
بەشی دووەم بۆ شیعر خوێندنەوە تەرخان کرابوو، کە تێیدا ئەم شاعیرانە شیعریان خوێندەوە.
عادل ئەردم کوردی باکوور چەند پارجە شعرێکی بەزمانی دانمارکی خوێندەوە ، دوای لێبووردنی لە ئامادەبووانکرد کە ناتوانیت بەزمانی دایکی شیعر بنووسێت، بەڵام ئەو کەماسیە ڕێگرنەبوو لە بەردەم

ئامادەبوونی شوناسی میللەتەکەی لە شیعرەکانیدا ، ڕەنگدانەوەی تراژیدیای میللەتەکەی بە سیمای شیعرەکانیەوە دیاربوو هەوێنی شعرەکانی ئازارو مەینەتی نەتەوەکەی بوو کە لە شێوەی چیرۆکە شیعردا دایڕشتبوون .

شەرمین ڕەشید کچە شاعیری هەڵەبجەیی پارچە شیعرێکی بە دانمارکی خوێندەوە کە لاوانەوەیەک بوو بۆ بازێڕەکەی ،هەر هەمان شیعری بە کوردیش خوێندەوە،پێویستە ئاماژە بەوە بدەم کە لە خوێندنەوەی دەقە دانمارکیەکەدا هەندێک پەشێویی پێوەدیاربوو، گووزارشتەکان لەجێی خۆیدا نەبوون ،دیارە ئەویش بەهۆی ئەوەی کە زمانی شیعر گرانترە لە زمانی ئاخافتن.هاوکات مەرج نیە کەسێکی زمانی بێگانە زان بتوانێت لە ڕووری دارشتن و خوێندنەوەوە هەقبدات بە شیعر .ئەوەی کە جێی سەرسووڕمان بوو ئەوەبوو کە بۆ ئەو شێعرەی بە دانمارکی خوێندەوە لە کاتێکدا هەموو ئامادەبووان کوردبوون و تەنها دانمارکیەکیش لەنێوماندا نەبوو.

لە خوێندنەوەی دەقە کوردیەکەداسەرکەوتووبوو ، توانی هەقی خۆی پێبدات ،دەرکەوت هەر لە بنەڕەتدا بە کوردی نووسرابوو پاشان وەری گێڕابوویە سەر دانمارکی.وەرگێڕانی شیعرکارێکی هێندە سانا نیە بەتایبەتی بۆسەر زمانێکی ئەورووپی.بەرای من گەر ئەو شیعرەی تەنها بەکوردی بخوێندایەترەوە زۆر باشتر دەبوو.

ڕەسوڵ حەمزاتۆف دەربارەی شیعری وەرگێڕاو دەڵێت { شیعری وەرگێڕاو وەک گووڵی ڕووی ژێرەوەی فەرش وایە}.

پاش شەرمین نۆرە هاتەسەر شاعیری لاو ئالان پەری کە بەگووڵاوی چەپکێک شیعری تەڕوناسک ئامادەبووانی فێنک کردەوە.هەموانی خستە دونیای خەیاڵاتەوە،وەک نیگارکێشێکی بە ئەزمون و سەلیقە لە تەک هەر دێرە شیعرێکداتابلۆیەکی پڕ ئەوینی لە هزرماندا بەرجەستە دەکرد.

دوا مەنزڵی ئێوارە کۆڕە شیعریەکە سارا عومەر بوو کە بە شیعرەکانی ئێوارەکەی هێندەی دی هێمن و ڕۆمانسیترکرد.

شیعرەکانی لێواولێوبوون لە عەشق،بەئاشکرا جاڕی عەشقی دەدا،چەندین وانەی عەشقی بە ئامادەبووان گووتەوە،هەرشیعرێکی پێشەکیەکی لەئامێزگرتبوو،پێشەکی لە شیعرجوانترو شیعر لە پێشەکی جوانتر،لە ئامێتەیەکی گونجاودا یەکتریانتەواو دەکرد.

شیعرەکانی سارا سەرەتای هەبوو کۆتاییان نەبوو ،وەک ئەوەی کۆتاییەکانی دابێتە دەست گوێگران و سەرپشکی کردبن و بڵێ چلۆن و چ کۆتاییەکتان دەویت لای خۆتانەوە دایبنێن.

ئەوی هێندەی دی ئێوارەشیعریەکەی ڕەنگین و ڕازاوەترکردبوو ئەو دیوەخانە کوردیە بوو کە چەند ژنێکی کوررد بە زێڕو سەروکڵاوی کوردیەوە دانیشتبوون چای سەماوەریان دەخواردەوە، زەوی و دیوارەکانیش بە کەلو پەلی کۆنی کورەواری ڕازێنرابوونەوە، جلەکوردیەکانی ساراش بە خشڵی کوردیەوەو شێوازی دانیشتنەکەی تەواوکەرێکی جوانی کەشوهەوای ئێوارەکەبوو.

ڕۆژی چوارەم:

کاتژمێر 6 بە فلیمی ڤۆدگا لەمۆن کرایەوە،ئەم فلیمە لە دەرهێنانی دەرهێنەری بەتوانا هونەر سەلیمە و یەکێکە لە فلیمە کوردیە سەرکەوتووەکان.

پاش فلیمی ڤۆدگا لەمۆن پشویەکی چایی و قاوە خواردنەوە ڕاگەیەنرا ،ئەوجا بوارێکی دیکەی هونەر خۆی نمایشکرد ، یەویش هەر نواندن بوو لێ نەک لە سینەما بەڵکو لەسەر شانۆ.

میدیای ڕەئوف بێگەرد کەسێکی بەتوانیای پڕ سەلیقەیە،ساڵانێکی زۆرە بە شێوازێکی ئەکادمی و پرۆفیشیناڵ لە بواری شانۆدا کاردەکات.کارەکانی زۆر لایەنی شانۆی گرتوەتەوە وەک ئەکتەر ،دەرهێنەر ،و دەقنووس.
شایانی ئاماژەیە خوشکە میدیا چ وەک تاک  چ وەک کۆ کاری شانۆیی دەکات. لە کارە تەنهایەکانیدا کاری پانتۆمیمیشی کردووە.
ماوەی چەند ساڵێکە لە دانمارک لەتەک هەندیک ئەکتەری شانۆیی دانمارکیدا کروپێکی شانۆییان پێکهێناوە و چەندین درامای سەرکەوتویان پێشکەش کردووە.
لەم هەفتە کەلتووریەرشدا شانۆگەریەکیان بە زمانی دانمارکی پێشکەشکرد بەنیوی{ئەمە ئاوایە} لە نووسین و دەرهێنانی میدیاو لە نواندنی دووئەکتەری دانمارکی{ئەمیلیا لاندەر ورەنێ موگەن} تابڵیی ئەکتەرەکان دەورەکانیان بە جوانی بەرجەستەکردبوو چووبوونە ناو دەورەکانیانەوە بەتایبەتی کچەئەکتەرئەمیلیا کەڕۆڵی سەرەکی وازی دەکرد.لە کاتی پێشکەشکردنی شانۆگەریەکەدا هۆڵەکە سەرتاپا نغرۆی بێدەنگی بوو،هەموو چاووهەستیان لە شانۆکە بوو،دەرزی هەڵبدرایە دەنگی دەهات.پاش کۆتایی شانۆگەریەکە بینەران بە چەپڵە ڕێزان سوپاسگوزاری  خۆیان بۆ ئەکتەرەکان و خوشکە میدیا دەربڕی،هاوکات زۆرێک لە ئامادەبوان ڕاستەوخۆ بە دەستگووشینی ئەکتەرەکان خۆشحالی خۆیان دەربڕی.
ئەوەی گەرەکمە بێژم ئەویە کە شانۆ هونەریکی بالایە و جمهوری شانۆ جمهورێکی تایبەتە واتە شانۆ بینەری تایبەتی خۆی هەیە کە دەشیت کەمترین لە بینەری بوارەهونەریەکانی دیکە،بەوەی. من بۆخۆم هەستم کرد ئەوانەی لە بینینی ئەو شانۆگەریردا ئامادەبوان هەموویان چێژیان لە بینینی شانۆکە وەرگرت و بەهەق بینەری شانۆبوون ،واتە بینەری چلۆنایەتی بوون نەک چەندایەتی و بەرزئەو هونەرەیان نرخاند.لەوڕووە هەر ئەوەماوە بیژم دەستت خۆش خوشکە میدیا ،ئومێدی سەرکەوتنت بۆ دەخوازم.

دواڕۆژ:
ڕۆژی هەینی دواڕۆژی هەفتەکەلتووریەکەبوو ،ئەم ڕۆژە تەرخانکرابوو بۆ گۆرانی و هەڵپەرکی.چەندین گرووپی موزیک و هەڵپەرکی ئێورەکەیان رازاندەوە.
کتژمێر 7 چالاکیەکان دەستی پێکرد،سەرەتا خوشکە مزگێن بە یاوەری گرووپەکەی کەئەندامەکانی سەر بە چەندین نەتەوەن ،ئاهەنگەکەیان کردووەوە.مەزگین بە دەنگە زولالەکەی گەشتێکی بەنیو گۆرانیە کوردیەکانداکرد بە سۆرانی و کرمانجی، پاشان بە گۆرانی فۆلکلۆری رەسەنی کوردی ئامادەبوانی هێنایە هەڵپەرکی.
پاش مزگێن گرووپی هەڵپەڕکێ کوردان تێڤێ تابلۆی خەنەبندان و گواستنەوەی بوکیان لە سەرشێوازی کۆنی کوردەواری نمایشکرد وە لە پەراویزیدا چەندین هەڵپەرکی پێشکەشکرا.
دوابەدوای ئەم برگەیە هەمان گرووپ هەندێک هەڵپەڕکێی جوانیان پێشکەشکرد کە ڕاهێنەری بەتوانا ئالان عەونی ئامادەی کردبوون. هەمە ڕەنگی جلوبەرگی کچە هەڵپەڕکێکاران لەسەر شانۆ جوانێەکی تایبەتی بە هەڵپەرکێکان بەخشیبوو ، لەوێنەی سەمای گوڵی دەم بادەهاتنەبەرچاو. لە کۆتایی هەڵپەڕکێکاندا  بێژەری بەرنامە شەهلا خورشید داوای لە ئامەدەبووان کرد کە بەشداری لە هەڵپەڕکێدابکەن ،ئەوەبوو زۆر لە ئامادەبووان کە ژمارەیەکی بەرچاو بیانی و دانمارکیشیان تیدا بوو بە هەڵپەرکییی چەپی لە گەڵ گۆرانیە پڕجۆشەکانی کوردی ڕۆژهەلات بەدەنگی دڵسۆز خالیدی و قادر

گاگڵی وعەزیزی وەیسی کە{ دی جەی ئاسۆ } زۆر بە جوانی ئامادەی کردبوون چەند ساتێکی خۆشیان بەسەربرد.
ئەوجا نۆرە هاتەسەر کاک مسعود محەمەدی کە چەندین گۆرانی ناوچەی گەرمیان بەگشتی و قەسری شیبرین بەتایبەتی بە یاوەری گرووپەکەی چڕی ، پاش چەند گۆرانیەکی سوونەتی گۆرانی هەڵپەرکیی بەدواداهات کە دیسان ئامادەبووان کەوتنەوە هەوای هەڵپەڕکێ.
دوابڕگەی هەفتە کەلتووریەکەو هاوکات دوابڕکەی شەوی کۆتایی گۆرانیەکی ئینگلیزی بوو کە مێردمنداڵ دلۆڤ بەختیار فارس چڕی و ئامادەبووانی سەرسام کرد.
جیگەتی ئامارژەیە دواشەو هۆڵەکە پر بوو، کەسانێکی زۆر تاکۆتایی بە پێوە وەستابوون، هاواکات لەنێو ئامادەبواواندا عەرەبی عێراقی و تورک و فارس و دانیمارکی دەبینران .ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ سەرکەوتنی چالاکیەکان.

بەگشتی هەفتەیەکی سەرکەوتووبوو ئامادەبووانی هەموو چالاکیەکان رەزامەندی و خۆشحاڵیان دەربڕی ،هەفتەیەکی پڕ لە چالاکی هەمە جۆر بوو، ئامادەکاران و بەڕیوەبەرانی چالاکیەکانیش بەوکارەیان سەروەریان بۆ خۆیان تۆمارکرد.
دیارە ئەم جۆرە چالاکیانە ئامرازێکە بۆ کۆکردنەوەی کوردان لە دەوری فەرهەنگی نەتەوەکەیان، کە ئەمەش خۆی بۆخۆی پێداویستیەکی ڕۆحیە و گەرەکە مرۆڤ گەر بۆ ساڵی جارێکیش بێت خۆی لە نێو ئەو جیهانەدا فەرهەنگیەدا ببینێتەوە، بۆیە وێرای دەستخۆشیم و بەرزنرخاندنی ماندووبوونی هەڵسوڕێنەرانی ئەو هەفتە کەلتووریە، ئومێدەوارم ئەمە بکەنە نەریتێک و وەک پرۆژەیەکی ساڵانە لە ئایندەدا بەردەوام بن لەسەری.

halabja@ofir.dk

سەرنج/ هەندێک برگەی جالاکیەکان لە ماڵپەڕی کوردان تی ڤیدایە. www.kurdantv.com